

رایان عوسمان

# گرفتەکانی بەردەم سیکۆلاریزمی کوردی

## بەرایی

دەرکەوتنی سیکۆلاریزم لە کوردستان بۆخۆی خاوەنی پێشهات و دۆخ بەخشینی هەندێ فاکتەر ودیاردەی تایبەتە، هەروەک چۆن گەشەنەکردن و وەستانیشی دەرخۆری کۆمەڵێک رەهەندی تایبەتی ترە .لێرە ئێمە قسە لەسەر ناساندن و هاتنی ئەم دیاردەیە بۆ کوردستان و بوونی بە بەشێک لە مێژووی هزرو ژیانکردنی ئەم کۆمەڵگایە ناکەین ،ئەوەندەی مەبەستمانە ئەو لایەنانە دەربخەین کە کەم تا زۆر لەسەر وەستانی ئەم رەوەتە کاریگەرییان داناوە .دەشێ ئەم سستی وگەشەنەکردنە پەیوەندی بە تێنەگەیشتن لە ماناو جەوهەری ئەم رەوتە بێت، یان رەنگە ئیشکال لە پراکتیزە کردنیدا هاتبێتە ئارا ،رەنگیشە دانە فەرهەنگیەکانی کۆمەڵگە توانای لە خۆگرتنی ئەم داخوازی وجەوهەرەیان نەبێت کە هەنووکە رێگری گەورە لەبەردەم گەشەپێدانی سیکۆلاریزمی کوردی دا هەستیٍ پێدەکرێت .شیکردنەوەی ئەم گرفتانە وەلامی راستەقینە نیە بەم کێشەیە ،هەروەها کۆتا دۆخی پێشنیار کراویش نیە بۆ نەهێشتنی ئەم رێگریکردنە کە رەنگە بە هاتنی دۆخ وپێشهاتی نوێی تر ،دوبارە لەگەڵ ئەم چەمکە دا ئێمە بەر ناکۆکی ونەفیکردنەوە بکەوین.کەوابێ بۆ دەستنیشانکردنی ئەم رێگرییانە نابێت لە تاک رەهەندێکەوە بە تەنیا جەختبکەینەوە،

چونکە ئەگەری دورکەوتنەوە لە چییەتی ئامانجەکە لەدەست ئەدەین.

## سیکۆلاریزم لەبەردەم گوتاری ئاینی دا

هاتنی ئەم رەوتە وەک تێگەیشتنی ئاینی تێیدەگات،سەرەتای گرفت وململانێکانە، چونکە ئەوەی پەیوەندی بە ئاراستەکردنی مرۆڤ و کارەکتەرەی مرۆڤەوە لە سروشت دا هەیە ،گوتاری دینی توانای لە خۆگرتن و پێشنیار کردنیشی هەیە، کەوابێ بەلای تێگەیشتنی دینییەوە ئەم رەوتە مانای هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ستراکتۆری دینی یە کە لێرە مرۆڤ و چارەنووسی لەسەر تێگەیشتن وجیهانبینیەکی تر رێک دەخات .ئەم گوتارە سەرلەبەری ،هاتنی ئەم رەوتە وەک وێرانکەر وهەولوەشێنەری بونیادی دینی تێدەگات، کە هەنووکە لای ئێمەش جێگیر کراوە.دەتوانین ئەم جیهانبینی یەی دین بۆ دەرکەوتنی سیکۆلاریزم وا شیبکەینەوە کە گوتاری دینی تەمای نەبووە هیچکات خۆی بۆ روبەرو بوونەوە، یان تێگەیشتن لەم رەوتە تەرخان بکات بۆیە کەوتوەتە بەرهەمهێنانی گوتاری دژایەتیکردن وسرینەوەی تەواوی ئەو شتانە سەربەم رەوتەن ،ئەمەش لە پێناو بچووک کردنەوەی پانتایی ئەو و دواجار ئەو گوتارەی کە ئایین بۆ هاتنی ئەم رەوتە بەکاری گرتووە، گوتاری دژایەتیکردن و هەڵسەنگاندنی پێشوەخت بووە کە هیچکات وەک خۆی لەم رەوتە نەگەیشتووە، بۆیە دەبینین کە جەوهەری سیکۆلاریزم لە گوتار وجیهانبینی ئایینی دا وەک خۆی جێگەی نەگرتووە و نەخراوەتە بەر هەڵسەنگاندنی دروستەوە، کەواتە ئەمە دەتوانرێت وەک یەکێک لە رێگرییەکانی بەردەم گەشەسەندنی سیکۆلاریزم دابنرێت و بۆ ئەم گوتاری دژایەتیکرد نەش، دیسانەوە دەبێت سەرنج بخەینە سەر ئەوەی کە سیکۆلاریزم وەک دەسکەوت وجیهانبینی رۆژئاوا بۆ هەڵوەشاندنەوەی ستراکتۆر وبەها ئاینی وئاکارییەکان لە کۆمەڵی دینی دا سەرچاوەی گرتووە، کە ئەمە راڤە کردنێکی زۆر کەموکورتە و لە ئاست تێگەیشتنی باڵا دانیە، کە مەترسێکی زۆر گەورە لەسەر هاتنە پێشەوەی گوتاری دینی بۆ بەریەککەوتن لەگەڵ رەوتەکانی تری دەرەوەی خۆیدا دەخاتە روو.ئەگەر لەسەر ئەم گوتارە لە کوردستان بدوێین،دەبیین لە دو نیگای جیاوازی هاوبەشەوە شیکردنەوە بۆ هاتنی ئەم رەوتە کراوە،کە گوتاری ئایینی و دیدی کلتوورین و رەهندە کلتووریەکەش پابەندی هەمان تێگەیشتنی ئاینیە، بۆیە کلتوور روانی ئێمە بۆ تێگەیشتن لەم دۆخە نەبووە و هەمان شێوەی دیدە ئاینیەکە لەسەر سرینەوە و پەراوێز خستنی رەوتەکە کاری کردووە. ئەم دیدە تەنیا لە هەندێ ساتەوەختی تایبەت دا خۆی بە شیکردنەوە و راڤەکردنی ئەم روەتە نوێیەوە خەریک کردووە کە تەنیا مەبەستی دورکەوتنەوە بووە لە تێگەیشتنی راستەقینە لێی وهۆشداریدان بووە لە مەترسیەکانی کە ئەمەش مانای ئامادە نەبوونی گوتارەکە لە ئاست هەڵسەنگاندنی دروست و دوای ئەزموونکردنەوە دێت . ئەوەی کە نوێنەرایەتی ئەم گوتارەی کردووە لە کوردستاندا، گوتاری ئیسلامی سیاسیە کە هیچکات نەیوەیستووە دەزگایەک بۆ لێتوێژینەوە لە بارەی هاتنی ئەم رەوتە و دەرەنجامەکانی بکات و سەبارەت بە هەڵویستی گوتارەکەش خۆی، بۆچوونی هەبێت و جڤاتی دینی لێ ئاگا بکاتەوە و ئەم گوتارە هەر لەسەرتاوە کەوتۆتە سرینەوەی تەواوی ئەو شتانە کە وادەکات ململانێکردنێکی ئەقلانی لەتەک ئەم روەتەدا دروست بێت و وەک رێگاچارەی گەشەنەکردنی رەوتەکەشی پێشنیارکردووە. کەوابێ تێگەیشتن لە روەتە نەک هەر نەبوەتە پێویستیەکی گوتارو جیهانبینی ئاینی لای ئێمە ،نوێنەرانی ئەم گوتارەش

لە ئاستی هۆشیاری باڵایی سیاسی ئەم گوتارەدا نەیانتوانیوە لێی تێبگەن و تەنیا هەوڵی دورکەوتنەوە و پەراوێزخستنی ئەم چوارچێوەیان داوە.لێرەوە سیکۆلاریزم لای گوتاری ئاینی بەرلەوەی قۆناغی ئەزموونکردن و دۆخ بەخشین ببینێت ،بەر هەولوەشانەوە وراڤە کردنی نادروست براوە و گوتاری ئاینیش لە ئاستێکی زۆر نزمی تێگەیشتندا هەستی پێدەکرێت.یەکێکی تر لە کەموکورتیەکانی ئەم گوتارە سیاسیە دینیە خەریک بوون بووە بە ڕەهەندی سیاسی وکەمتر لەبارەی هاتن پێشەوە لەگەڵ چەمک و ڕێبازی نوێ دا سەروکاری هەبووە و ئەوەندەی بە تەنگ پاراستن و بەهێز کردنی سنوورەکانی خۆیەوە بووە ،توانای بینینی دەرەوەی خۆیی نەبووە .بە سێنتەر بوونی خەباتی سیاسی و هەوڵدان بۆ زاڵکردنی ڕەهەندی سیاسیانە لە ژیانکردنی ئاینیدا وایکردووە کە دژایەتی گەورە لە ئاست تێگەیشتنی دروست وئەقڵانی لەمەر سیکۆلاریزم لای ئێمە سەرهەڵبدات، ئەمەش چونکە یەکێک لە گەورەترین مەترسیەکانی ئەم گوتارە لەسەر سیکۆلاریزم لە کوردستان دا ،مەسەلەی جیاکاری و دابرانی ڕەهەندی سیاسی ودنیاییە لە بریارەکانی ئایینی و گوتاری دینی ئەمە بە یەکێک لە گرفتە گەورەکان و هەولوەشانەوە خۆی چاو لێدەکات .لێرەوە ئەوەی پەیوەندی بەم جیاکارییەوە هەیە گوتاری دینی تەنیا لە خەمی رزگار کردنی ئەم جڤاتە و کارکردندایە بۆ سرینەوەی ڕۆڵی ئەم ڕەوتە لە دیاریکردنی وەزیفە وکارەکتەری دین لە ژیانی کۆمەڵایەتی دا.گوتاری دینی نایەوێت بەوە قایل بێت کە بابەتی هەردوو جیهانەکە لەیەکتر دابرێن و هەرچی پەیوەندی بەم جیهانەوە هەبێت مرۆڤ خۆی بەڕێوەی ببات و پێویستە هەمان ئەو بونەوەرە ناچیزەیە بێت کە لە چارەنووس ومانەوەی دا دەستی نەبێت .کەواتە توندی دژاپەتیکردنی ئەم گوتارە لە کوردستاندا پەیوەندی بە بالانواری سیاسی دینیەوە هەیە کە ئەمەی وەک ترسێک لە سەر خۆی هەست پێکردووە، بەڵام نەبوەتە هۆی هێنانە پێشەوە دۆخێکی ئەقڵانی کە لە هەوڵی بەریەککەوتنی ئەم ڕەوتە دا بێت بێ بوونی سرینەوەی پێش وەخت کە ئەمە دەرفەت بۆ هاتنەپێشەوەی گوتاری هاوبەشیش دروست دەکات. لێرەوە دەردەکەوێت کە سیکۆلاریزم لە دیدگای دینی ئێمە دا نەک ڕێگە بە خۆدنمایی کردنی نەدراوە، بەڵکە هەوڵی دژایەتیکردنی توندیشی دراوە وئەمەش لە نەبوونی ئاگایی وتێگەیشتنی دروستەوە لێی بووە، کە خودی ئەم ڕەوتە ویستی دیاریکردنەوەی کارەکتەری دینی لە ژیانی سیاسی وکۆمەلایەتی دا لە ئامانجدایە.ئەوەش زانراوە لای گوتاری دینی ونوێنەرانی کە ئایین بە هۆی سەرقالبوونی بە بابەتی دنیاییەوە لێرە چەند زیانی کردووە، بەڵام هیچ هەڵوێست و ڕەخنەکردنێک لەم بارەیەوە بوونی نەبووە، بۆیە ئەگەر وا لە سیکۆلاریزم بروانین کە هەوڵی ڕێکخستنەوەی ئەم کارەکتەرو وەزیفە دینیەی بۆ شوێنی خۆی هەبێت ،پێویستە ئەوە بڵێین کە بوونی ئەم ڕەوتە پێویستی یەکی گەورەی ئەمرۆیە کە ناهێڵێت ئاین لە گوتارێکی باڵای ڕۆحییەوە خۆی بۆ بابەتی بچوکتر لەم جیهانەدا بهێنێتە خوارەوە و بە بوونی سیکۆلاریزم دەشێت ئازادی ئایینی و بەشداری ئاین لە کۆمەڵگەدا هیچ گۆڕانکاری بە خۆوە نەبینێت، چونکە ئاین دەبێت خۆی بە بابەتی گەورە ونەگۆڕەوە خەریک بکات و مرۆڤ سالاری لە کاروباری ژیانی ئەم جیهانە دا نابێت وەک کێشە چاوی لێبکرێت، کەواتە تێگەیشتنی دینی بۆ هاتنی سیکۆلاریزم لای ئێمە هێشتا چوارچێوە جیهانیەکەی لە ململانێکردن ونەفیکردنی ئاین بۆ ڕەوتە نوێکان تێنەپەراندووە و ئێمە لەبەرامبەر تێگەیشتنی ئەم ڕەوتانەدا کەموکورتی زۆرمان لە بەردەم دایە .

> **ئەم چوارچێوەیەی کە لەسەر سیکۆلاریزم خۆی دارشتووە لە کوردستان دا کە بەرامبەر ئایینی یەکان خەبات دەکەن و خۆیان ڕێکخستووە ،تا ئێستاش ڕەنگ وبۆی ئایینی یان پێوە دیارە و نەیانتوانیوە دەرخەری ڕاستەقینەی خواستەکانی ئەم ڕەوتە بن**

## سیکۆلاریزمی کوردی

ڕەنگە هاتنی ئەم ڕەوتە سەرەتای قەیران بێت هەرچەندە بوونی وەک دۆخێکی چارەسەرکردنی زۆر قەیران لە کۆمەڵگە دا جێگای بایەخە، بەڵام لای ئێمە دەشێ لەسەر هەڵگرانی ئەم ڕەوتە قسە بکرێت کە دەرخەری ڕەوتەکەن واتە سیکۆلارەکان .لێرە زۆر گروپ وپارتی سیاسی و پێش فەرهەنگ لە کۆمەڵگای کوردی دا بۆ فۆرمەلە بوونی بیری سیکۆلاریزم لە خەباتی دورودرێژدا بوون، بەڵام نەتوانراوە ئەمە لە چوارچێوەی سیاسی بێتە دەرەوە و لە فەرهەنگ دا جێگیر بکرێت، بۆیە دەبینین ئەم چوارچێوەیەی کە لەسەر

سیکۆلاریزم خۆی دارشتووە لە کوردستان دا کە بەرامبەر ئایینی یەکان خەبات دەکەن و خۆیان رێکخستووە ،تا ئێستاش رەنگ وبۆی ئایینی یان پێوە دیارە و نەیانتانیوە دەرخەری راستەقینەی خواستەکانی ئەم رەوتە بن واتە ناتوانین بە روونی دەسەلاتی سیکۆلاریزم لە بەریوەبردنی ژیان وبیرکردنەوی ئەم رەوتە لە کوردستان هەست پێبکەین.رەنگە ئەمەش بۆخۆی فاکتەری تایبەتی لە پشتەوە بێت .واباشترە بۆ شیکردنەوەی ئەم رەوتە لە سیاسیەکانە دەست پێبکەین، چونکە چوارچێوەیەکی تری رێکخراو نیە بوونی سیکۆلاریزممان لەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیەوە بۆ دەربخات .یەکێک لە قەیرانەکانی ئەم رەوتە لە کۆمەلی کوردی دا بەرلە هەر شتێک دەگەرێتەوە بۆ بوونی دەسەلاتی ئاین، بۆیە لەگەل دەست پێکردنی رەوتە دا سیاسیەکان نەیانتوانی جیهانبینی بێخەوش وراستەقینەی رەوتەکە لە کوردستان دا بناسێنن وشەرمنانە لە خەباتکردنی سیکۆلاریانەی خۆیان دا مانەوە و بۆ جێگیرکردنی ئەم خەباتە لە قۆناغی سەرتایی دا پێویستیان بە تەبایی لەگەل ئایندا هەبوو ،بۆیە دەبینین تا هەنووکەش نەتوانراوە خۆی بە رەوتێکی جیاواز لە ئاین وسەربەخۆ دەربخات .کەوابێ ئەم رەوتــە شەرمنە یەکێک لە گەورەترین ئیشکالیەتەکانی،دەرکەوتنە لە کۆمەلگای ئاینی ونەریتی دا کە درەنگ ویستی تێگەیشتن و لەخۆگرتنی مەغزای ئەم رەوتە یان هەبووە ،دەبێت ئەوەش بلێین کە سیاسیەکانی سەربەم رەوتە تا هەنووکەش روون نیە کە لە زالکردنی چوارچێوەی ئەم رەوتەدا بۆچی سەربەخۆ نین و پێدەچێت کە بەرژەوەندی و تەیار کردنی جڤات بۆ سیاسەتەکانیان وایکردبێت، نەتوانن ئەم رەوتە وەک خۆی بە کۆمەلگە بناسێنن و لە بۆنە ونەریتی زۆر جیاواز دا تێکەلکردن وبەریەککەوتنیان لە تەک بابەتی ئایینی بە روونی هەستی پێدەکرێت، بۆیە واباشترە بلێین نوێنەرانی ئەم رەوتە هۆی سەرکی دواخستن وگەشەنەکردنی وەک پێویستی خـودي سیکۆلاریزمن، چونکە بەم هۆیەوە هوشیاری کۆمەلگا دیسانەوە لەسەر ناساندێکی کەموکورتی ناراست ئامادە کراوە .پێشتر ئاماژە بەوە کرا کە پێویست بووە گوتاری ئایینی ئەوەندە توانای هەبێت لە ئاست تێگەیشتن لە سیکۆلاریزم وچوونە پێشەوە لێی بگاتە ئاستی بەرهەمهێنانی بریارێکی ئەقلانی و دوای ئەزمونکرادنە کە نەیبووە و نابێت ئەم هاتنە پێشەوە وشەرمنیەی رەوتی سیاسیە سیکۆلارەکان لە کۆمەلی کوردی دا بەم مانایە لێک بدەینەوە کە ویستی گوتاری هاوبەش وئەقلانیان هەبووە ،بە پێچەوانەوە ئەم رەوتە بۆتە قوربانی بەرژەوەندی سیاسی ونەیتوانیوە لەسەر بەرنامەی ئەم رەوتە تاک پەروەردە بکات وهشیاری بکاتەوە ئێستا لە کۆمەلگەی کوردیدا ناتوانرێت بوونی رەوتێکی جیا لە دەسەلاتی ئاین ونەریت ببینرێت و لە بۆنە سیاسیەکاندا رەوتی ئاینی بابەتی جیهانی هەمیشەیی ونەبراوە دەهێننە پێشەوە و ئەم رەوتەش هەمان تێگەیشتنی ئەوان بۆ کاریگەری خستنە سەر رای گشتی بەکاردەهێننەوە هەموو ئەمانە پێماندەلێن کە رەوتی سیکۆلاریزم لێرە نەک هەر نەیتوانیوە بەرنامەکانی بە روونی بۆ جڤات پێشکەش بکات ،بەلکە هۆی دواکەوتنی روونی ئەم رەوتەن کە خۆیان بە نوێنەری دەزانن و بەمەش ئەم رەوتە شەرمنە، چونکە پێشتر خواستی سیاسی بەرهەمی هێناوە،روئیای ناساندن وگەشەکردنی سیکۆلاریزمی نەبووە و وەک رێگرییەکی تری ئەم رەوتە دەکرێت ناوی بهێنرێت، بەلام مەترسیەکانی ئەم نوێنەرایەتیکردنە زیاترن لەسەر وەستانی رەوتی سیکۆلار لە کوردستاندا، چونکە گوتاری ئاینی و هەلویستی ئەم گوتارە لە دژایەتی وپێشوازی نەکردنی ئەم رەوتە بە روونی هەستی پێدەکرێت، بەلام ئەوەی روون نیە ئەو نوێنەرایەتیکردنە خراپەیە کە سیکۆلارەکان دەیکەن و ویستی زالکردنیان هەیە.پێویستە ئەم رەوتە لە نوێنەراتیکردنی سیاسی دەربهێنرێت و بە روونی بۆ کۆمەلگە خۆی دەربخات، رەنگە ئەمە باشتر بێت، ئەگەرچی درەنگتر گەشەش بکات، کەواتە کارکردی سیکۆلاریزم لە پەنا هۆکاری لاوەکی تردا کارکردێکی باش نەبووە لە کۆمەلگەی کوردیدا و بەم شێوەیە دەبیین لە پەنا نەخوێندنەوەی کۆمەلگە وەک خۆی و نزمی تێفکرینی ئێمە لە ئاست جەوهەری ئەم رەوتــەدا، سیکۆلاریزم وەک پێویست گەشەی نەکردووەو ئەوانەشی خواستی گەشەکردنی ئەم رەوتەیان هەبووە نەیانتوانیوە وەخۆی گوزارشتی لێبکەن، بۆیە ئەگەر ئەم تێگەیشتنە هەلە یە لە سیکۆلاریزم بکەینەوەو گرنگی ئەم رەوتە وەک خۆی درک بکەین رەنگبێت هەمان تێگەیشتمان لەبارەی ئەم رەوتەوە نەبێت کە بە دژایەتی سەرجەم مانا ئاینی و دابرانی ئاین لە کاروباری سیاسی و کۆمەلایەتی دەزانین . سیکۆلاریزم توانای چارەسەرکردنی قەیرانی زۆری هەیە ئەگەر وەک خۆی لێی تیبگەین .